بە دە یاریزانەوە ئیتیحاد بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵک لە شورتی بردەوە



لە میان یاریيەکانی هەفتەی سیەمی چامپیۆنزلیگی ئاسیا یانی شورتی عیراقی میواندواری لە ئیتیحادی سعودی کرد.

لە گەمی یەکەم لە خولەکی پێنج بەسام شاکر توانی گۆڵی یەکەم بە شورتە تەماربکات.

دواتر لە خولەکەکانی 17 و 29 دیابی و فابینیە دوو گۆڵی یەک لە دوای یەکیان بە ئیتیحاد تەمارکرد.

دەرئەنجام گەمی یەکەم بەم ئەنجامە واتە بە دوو گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵک لەبەرژەوەندی یانە سعودییەکە کۆتایی هات.

لە نیوەی دووەمدا ناوبژیوان دانیلە پەرەرای لە یانە ئیتیحاد بە کارتی سوور کردە دەرەوە، بەڵام شورتە نەیان توانی سوود لە کەمبوونەوەی یاریزانەکانی تیپی بەرامبەر وەربگرن بەجۆرێک لە خولەکەکانی 60 و 76 حوسام عەوار توانی دوو گۆڵیتر بە ئیتیحاد تەماربکات.

دەرئەنجام یارییەکە بە چوار گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە بەرژەوەندی ئیتیحادی سعودی کۆتایی هات و یەکەم بردنەوەیان لەم وەرزی پاڵەوانێتییەکە بەدەست هێنا و شورتش بەم شکستە خاڵکانی وەک خۆی ماوەیە و بە جۆرێک تەنها یەک خاڵی هێیە و لە پلەی 11ی ریزبەندیدایە.